# دەستوری بێ‌مافی‌و ئیلحاق‌و هەڵاواردن

## ڕەخنەیەك لە "ڕەشنوسی دەستوری هەرێم"

**نووسینی: فاتح شێخ و ڕێبوار ئەحمەد**

## بەشی -4-

## ڕەشنوسی دەستوری هەرێم و فیدراڵیزمی قەومی

---------------------

### جێگاوڕێگای فیدراڵی لە دەستووری هەرێمدا

فەلسەفەی وجود و کۆڵەکەی سەرەکی پرۆژەی دەستوری هەریم، فیدرالیزمی قەومیە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە یەکسەر ئەو پرسیارە قوت دەبیتەوە کە ئەگەر بناغەی پرۆژەی دەستوری هەریم لەسەر پرۆژەی فیدرالیە، ئەی ئاخۆ پرۆژەی فیدرالی خۆی بناغەی لە سەر چ واقیعیك دانراوە؟ دواتر دێینە سەر ئەوە کە لە سەر عەرزی ڕەقی واقیعی ئەمرۆی عیراقدا (نەك لە ناو دیرەکانی دەستوری هەریم و "دەستوری دایمی عیراق"دا) فیدرالیزم چ جیگاوریگایەکی هەیە. بەڵام با لە پیشدا بزانین پلەوپایەی لە ناو دەستووری هەریمدا چەندە بەرزە و بۆچی؟!

لە دەقی دەستوری هەریمدا، دوابەدوای دیباجەکە، هەر کە لە "دەروازەی یەکەم" دەچیتە ژوورەوە، دەسبەجێ لە مادەی یەکەمی "بنەما سەرەکیەکان"دا فیدرالیزم بە رووتدا دیت! پاشان لە مادەی دووەمدا تووشی مادەی سەدوچلی دەستوورەکە دەبیتەوە! ئینجا لە مادەی سێ دەگەیتە "سەروەری گەل"! (سەرتان سورنەمینێ، دواتر دەردەکەوێ کە مەبەست لە کام "سەروەری"یە!) لە مادەی چواریش چاوتان بە دیداری "مافی چارەنووس" روون دەبیتەوە! بەلی راستە! ئەم پیچەوانە بوونە بۆ دەستووری هەریم زۆر راستەوانەیە، چونکە لە پەیژەی "بنەما سەرەکیەکان"ی ئەم دەستوورەدا، "سەروەری گەل" و "مافی چارەنووس" بۆیان نیە یەکەم و دووهەم بن، بەلکو دەبێ پاش فیدرالی و مادەی سەدوچل بکەون و بە گەز و پیوەری ئەوان سەروبەریان بۆ دیاری بکرێ! بۆیە دەبینین مانای "سەروەری گەل" دەکاتە هەلبژاردن و پەرلەمان، مانای "مافی چارەنووس"یش دەکاتە بریاری پەرلەمان لەسەر فیدرالی بەنرخی دۆراندنی سەربەخۆیی و لکاندنەوەی کوردستانی شانزە ساڵ بەکردەوە سەربەخۆ، بە حکومەتی بەغداوە لەسەر ئەو بناغەیەی گوایە لەوێ حکومەت "فیدرالی"یە!

بەڵام وەنەبێ بە پاش و پیش کردنی مادەکان لە ناو دەقی دەستووردا شتەکان دەنیشنەوە سەر جیگاوریگای شایستەی خۆیان! نەخیر! ئەو "سەروەری گەل"ە کە ماناکەی ئەوەیە، یان باشترە بلییێن مەبەستیان ئەوەیە "گەل"ی کوردستان هەر بە چوار ساڵ جاریك بۆیان هەیە وەك میگەل سەر بنین بۆ لای سندووقی "هەلبژاردن" و دەنگ بدەن بە لیستی تەحالوفی کوردستانی‌و بیانکەنە وەکیلی رای خۆیان "پەرلەمان" و ئیتر بچنەوە بۆ ماڵ، بۆ ئەوەی هەر رۆژی دوای ئەم بەزمە ناچاربن بچنە سەرەی وەرگرتنی بتلە غازیکەوە و ئەگەر بە سێ رۆژیش بەریان کەوت دوعا بۆ حکوومەتی هەریم و پەرلەمان بکەن، بەلی ئەو "سەروەری"یە سەرەوخوارە هەر باشیشە لە پەیژەی "بنەما سەرەکیەکان"ی دەستووردا لە سەر پلەی سێ جیگایان کردوەتەوە!

ئەی "مافی چارەنووس" چی؟ ئەو مافی چارەنووسە کە بزووتنەوەی کوردایەتی دەیان ساڵ سروودی پێ هەلگوتوە، ئیستا بوەتە مافی پەرلەمانیەکان بۆ لکاندنەوەی کوردستانی بە واقیع جیاوەبوو بە حکومەتی بێ سەرەوبەرەی بەغداوە بە فریوی فیتووی فیدرالی و بە بی پرس کردن بە خەلکەکەی، بەراستی پلەی چوارەمیشی لی زیاد نیە! مافی چارەنووس، ئەگەر نەکریتە مافی چاوبەستن ماناکەی زۆر رۆشنە: مافی چارەنووس مافی بریاردانی خەلکی ژیردەستە بۆ جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ یان هەلبژاردنی ئازادانەی مانەوە و پیکەوە ژیان بە مەرجیك پلەی یەکسانی هاوولاتی بوونی بۆ دابین و دەستەبەر کرابێ. کێ هەیە ئەوە نەزانێ کە حکوومەتی مالیکی و دارودەستەکەی قەت مافی یەکسان بە خەلکی کوردستان رەوا نابینن؟ مالیکی و دەستە و دایەرەکەی کە لە حالی حازردا نە وەك عەهدی بابد "عەرشی عیراقی"یان هەیە و نە وەك رژیمی بەعس جەیش و موخابەرات و نوگرە سەلمان و حەوزی ئەسید و ئەنفالیان بەدەستەوەیە، بەڵام هیشتا جوابی وەفدی کوردستانیان نەدایەوە، ئاخۆ سبەی ئەگەر دەستیان بە دەیەکی ئەوانەی پیشینانیان بگات چ بە رۆژگاری خەلکی کوردستان و حکوومەتی هەریم و پەرلەمان و فیدرالی

دەر دینن؟! ئەوانە کە گوایە بەناو بە خۆیان دەلێن "حکوومەت" بەڵام هەر رۆژێ یەکێکیان خۆ بە حوجرەی سیستانیدا دەکەن و بۆ هەر هەڵسە و دانیشیەك ئیزن لە سەماحەتی وەردەگرن، ئاخۆ بە سووکە فتوایەکی ئەمسالی ئەو، ئەم فیدراڵە بنبەتاڵەش بەرەسمی هەڵناوەشیننەوە و تووری نادەن؟

## جێگاورێگای فیدراڵی لە سەر عەرزی رەقی واقیعی ئەمرۆی عیراقدا

جێی خۆیەتی کاتی رەخنەگرتن لە باسی فیدرالیزم لە دەستوری هەریمدا, لە پیشدا چەن پرسیاریك بهێنینە ئاراوە: ئایا باسی فیدرالی لە ئەساسدا باسی مافو دەستووره یان باسی سیاسەت و هاوکیشەی هیزەکانی سەر ساحەیە؟ ئایا پرۆژەی "هەریمی فیدرالی کوردستان لە ناو عیراقی فیدرالدا"، وەك خۆی بە دیاریکراوی، دەچیتە خانەی "ماف"ەوە یان پرۆژەیەکی سیاسی – تاکتیکی دیاریکراوە و دەچیتە خانەی "تاکتیك"ەوە؟ لەمەش موشەخەستر کاتیك دوابەدوای شەری 1991ی کەنداو جۆریك لە سەربەخۆیی دیفاکتۆ کەوتە باوەشی دوو حیزبی سەرەکی ناسیونالیستی کوردستانەوە, ئایا تەرحی مەسەلەی فیدرالی لە لایەن ئەوانەوە وەڵامی چارەسەری کیشەی کورد لە عیراق بوو یان تاکتیکی بەئەنقەس هەلبژیردراویان بوو بۆ سازان و سات و سەودا لەگەڵ دەولەتی بەغدا؟ ئایا بۆ وویەنە پەرلەمانی 1992 نەیدەتوانی لەجیاتی "جاری فیدرالی" بدات رایبگەیاندایە کە هەتا رژیمی بەعس ماوە، کوردستان سەربەخۆیە و جا دوای رووخانی بەعس دەتوانین قسەی لی بکەینەوە؟ ئایا پیناسە کردنی فیدرالی وەك وەدیهاتنی مافی دیاریکردنی چارەنووس (لە پەیوەند بە کیشەی میللی کوردەوە) تاقە یەك مسقاڵ حەقانیەت و رەوابوونی تیدایە؟

ئیمە پیمان وایە "فیدرالی" لەم قۆناغەی ئەخیری ئالووگۆر لە جیهان و عیراق و کوردستاندا بە هیچ جۆر ناچیتەی خانەی "ماف"ەوە، بەلکوو لە سەداسەد پەیوەستە بە هاوکیشەی هیزەوە و هەر کات ئەو هاوکیشەیە بە باریکی تردا گۆرا، لایەنگرانی پرۆژەی فیدرالی بە دەسبەتالی دەمیننەوە و سەری خۆشباوەری بەشدار بوونیان لە دەسەڵاتدا بەر بەردی رەفزی لایەنی بەرامبەر دەکەوێ و هەرگیز وەك خۆی لی نایەتەوە! بۆیە ئەوە هەڵەو فریوە کە فیدرالی وەك ماف چاوبکریت نەك وەك حاسلی هاوکیشەیی سیاسی. هەر بۆیە ئیمەش لایەنی ماف بوونەکەی و پەیوەندی بە مافی چارنووسەوە دەنیینە لاوە و لایەنی سیاسی و موشەخەسی لەناو هاوکیشەکاندا لەبەرچاوەدەگرین.

جیگاوریگای فیدرالی لە دەستووری هەریم لە هەر پلەیەك دابنرێ، لە سەر عەرزی رەقی واقیعی ئەمرۆی عیراق هیچی لی شین نابێ و بگرە دەتوانی کارەساتی گەورە بخولقینی! کاتی خۆی سالی 1992 پەرلەمانی فیفتی – فیفتی دوو حیزبی کوردایەتی بۆیە پرۆژەی فیدرالی خستە روو، چونکە سەرکرایەتی سیاسی ئەو دوو حیزبە متمانەیان بە خۆ نەبوو کە بتوانن ئەو دەسەلاتەی بەشوین رووداوەکانی پاش شەری کەنداودا کەوتبوە باوەشیانەوە، بۆ خۆیانی راگرن و بیپاریزن! بەلام رووداوەکان بە باریکدا هاتنە پیش کە بالانسی هیزەکان دوای شەر و داگیرکاری ئەمریکا و رووخانی بەعس، وەها لە قازانجی بەرەی ئەوان گۆردرا کە لایەنەکانی تر چاریان نەبوو جگە لەوە کە دەسەلاتی ئەوان لە کوردستان بسەلمینن. مادەی 114ی دەستووری عیراق ریك ئەوە دەلی کە هیزەکانی تری نووسەری دەستوور ناچارن واقیعیەتی جیاوازی کوردستان بسەلمینن و چوارچیوەی فیدرالی هەر بۆ ئەوە دادەنین کە رایگرن تا دواتر وەزعەکە بگۆرن.

بەلام مادام دەسەلاتی ئەم دوو حیزبە و هاوکیشەی پشت پرۆسەی فیدرالی، گریدراوی ستراتیژی میلیتاریستی ئەمریکایە لە عیراق و ناوچەکە و جیهاندا، مادام ئەم فاکتەرە بەهۆی ئەوەوە کە پارتی و یەکیتی سالی 2003 گوییان لە هاواری ئازادیخوازی جیهانی لە دژی شەرەنگیزی ئەمریکا نەگرت و تەنانەت گوییان لە "دانیال میتیران" سیاسەتمەداری فەرەنسی نەگرت کە نامەی بۆ نووسین و هوشداری پێ دان کە نەچنە پال شەری ئەمریکا، ئیستاش بە شکستی ئەمریکا هاوکیشەکە بەباری پیچەوانەدا و لە زەرەری پرۆژەی فیدرالی وەرچەرخاوە. ئیشارەی بووش لە "ستراتیژی"یە تازەکەیدا بە ئیسلاح و گۆرینی دەستووری عیراق، مانای ئەوەیە جێ بە پرۆژەی فیدرالی بە جیددی لیژ بوە. هەر بۆیەش باس و خواسی دەستووری هەریمیش لە لایەن حکومەتی هەریمەوە خرایە لاوە و ئیستا لە کوولەکەی تەریشدا باسی ناکەن. بەلی! فیدرالی کۆلەکەی دەستووری هەریمە. ئەم کۆلەکەیە لە سەر عەرزی رەقی بارودۆخی عیراقدا جیگاوریگای جارانی نەماوە و بەرەو رووخان مل دەنێ.

## فیدراڵیزمو مافی بریاردانی چارەنوس

لە پیشەوە باسمان کرد کە فیدرالیزم لە کویوەو چۆنو بۆچی داهینراوەو چەندە پەیوەندی بە مافەوە هەیە، کەچی لەو گالتەجاریەدا لە دەستووری هەریم دەیەوێ بەسەر مافو بە تایبەتیش مافی چارەنوسیدا بهینیت، فیدرالیزم وەکو پیادەکردنی مافی چارەی خۆنوسینی ئازادانەی خەلکی کوردستان پیناسە کراوە. لە مادەی ١ی بنەما سەرەکیەکانی دەروازەی یەکەمدا هاتووە دەلی "هەریمی کوردستان هەریمیکی (فیدرالە) لە دەولەتی عیراقی فیدرالدا، ....." هەروەها لە مادەی 8ی هەمان دەروازەدا هاتووە دەلی "گەلی کوردستان- عیراق مافی دیاریکردنو بریاردانی چارەنوسی خۆی هەیە. بەپێی ئەم مافەش ئازادە لە دیاریکردنی پیگەی

رامیاریو بەدیهێنانی گەشەی ئابوریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیری خۆیدا، یەکگرتنی ئازادانەی لەگەل عیراقدا بە گەلو خاكو سەروەری هەلبژاردوە. ئەمەش بەستراوە بە پابەندبون بە دەستوری فیدرالیو سیستەمی فیدرالیو پەرلەمانی و دیموکراتیو فرە لایەنیو ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. بە تاك و کۆمەلیەوە."

بەرلە هەر شتێك پێویستە ئەوە دوپات بکەینەوە، ئەو فیدرالیزمەی لیرەدا وەکو پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنوس" کە گوایە خەلکی کوردستان بەوپەری "سەروەریەوە هەلیانبژاردووە"، لە راستیدا نەك پیادەکردنی ئەو مافەو پەیوەندیەکی بەوەوە نیە لەلایەن خەلکەوە، بەلکو ریك بەپێچەوانەوە، فیدرالیزمی قەومی ئەحزابی ناسیونالیست بەرهەمی راستەوخۆی فرۆشتنو پێشیلکردنو ساتو سەودای ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بوو بە مافی چارەنوسی خەلکی کوردستانەوە. خەلکی کوردستان بە لیستی ملیونی ئیمزایان دا بۆ جیابونەوەی کوردستان، بەلام ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، ئەو نزیك بە 2 ملیون ئیمزایەیان کردە دەستمایەو فاکتەری فشار لەسەر هێزە ناسیونالیستیە عەرەبیو ئیسلامیەکان بۆ قەبلاندنی فیدرالیزمو لە راستیدا بۆ مسۆگەرکردنی بەشە دەسەلاتی خۆیان.

ئەوەی لەم پرۆژەیەدا فیدرالیزم وەکو پیادەکردنی ئازادانەی مافی چارەنوسی خەلکی کوردستان بەیان کراوە، بەلگەی زەقی ئەوەیە کە لە مەنتقو پلاتفۆرمی ناسیونالیزمی کورددا، رای خەلكو دەوری ئازادانەی خەلك هیچ جیگایەکی واقعی نیەو هەر پروپاگەندەیەکیش لەم بابەتەوە دەکریت، تەنها هەولیکە بۆ پەردەپۆش کردنی ئەو پێشیلکاریە گەورەیەی لەم بارەیەوە ئەنجام دراوە. بە هیچ پیوانەیەك ناکریت خەلکیك بە ریزی ملیونی ئیمزا بکەن بۆ جیابونەوە، کەچی پەرلەمان ریگا بە خۆی بدات بە پێچەوانەی داوای ئەو خەلکەوەو بە ناوی نوینەرایەتیو وەکالەتی خەلکەوە، بریاری ئیلحاق بداتو ناویشی بنیت پیادەکردنی ئازادانەی مافی چارەنوس.

## ناکۆکی فیدرالیزم لەگەل ئامانجەکانی خەلك

بەلام ئەوەی لە پیشەوە باسکرا هیشتا هەمموو لایەنەکانی پرۆژەو تەرحی فیدرالیزم نین. بەدەر لەوانە، فیدرالیزم هەر لە بناغەوە، تەرحیکی کۆنەپەرستانەو ناکۆکە بە خواستو ویستو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان. دەکری ئەمە لە زۆر روەوە نیشانبدەین. فیدرالیزمی قەومی لە ناوەرۆکدا جیاوازییەکی قولی هەیە لەگەل ئەو فیدرالیزمە ئیدارییانەی لە دنیای ئیستادا نمونەیان هەیەو ئەحزابی ناسیونالیست وەکو نمونەو بەلگەی بەکەلك بوونی فیدرالیزمە قەومیەکەیان دەیهێننەوە. زۆریك لە وولاتانی دنیا بە شیوەی فیدرالی ئیدارەی وولات دەکەن، بەلام بەبێ ئەوەی لەسەر بناغەی قەومی هیچ قلشتو دەستبەندیەك بخاتە نیوان هاولاتیانەوە. لە کاتیکدا فیدرالیزمی قەومی لە بنەرتەوە ئەلگۆیەکە بۆ مسۆگەرکردنی بەشە دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد، لەسەر بناغەی زەقترین شیوەی جیاوازی سازیو رقەبەریو هەلاواردنی قەومیو دانی ناسنامەی قەومی لە نیوچەوانی هاولاتیان. ئەمە لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازیەکی لەگەل ئەوە نیە کە ئیسلامی سیاسی شیعەش دەیەوێ بۆ مسۆگەرکردنی بەشی خۆی ناسنامەی تائیفی بەسەر هاولاتیاندا دابریتو لەسەر ئەم بناغەیەش نەك هەر قلشتو هەلاواردن بخاتە نیوان هاولاتیانەوە، بەلکو ئاگری جەنگیکی ناوخۆی تائیفی هەلگیرساوە کە رۆژانە بە درندانەترین شیوە بە لیشاو خەلکی بێتاوان دەکات بە قوربانی.

لە راستیدا خەلکی کوردستان میژوویەکی دورو دریژە بونەتە قوربانی زەقکردنەوەی ناسنامەی قەومی، نەك بە رەسمی نەناسینی ئەو ناسنامەیە. لە دەستوری عیراقدا دەستەبەندی کردنی هاولاتیان بە کوردو عەرەبو ....بناغەی هەلاواردنو زولمیکی قەومی توندوتیژ بووە. بەشیك لە هاولاتیان بە ناسنامەی قەومی عەرەبیو بەشیکی تر بە ناسنامەی قەومی کوردیو... ناوچەوانیان مۆر کراوە، پاشان لەسەر ئەم بناغەیە، هاولاتیانی عەرەب زمان بە هاولاتی پلە یەکەمو هاولاتیانی کوردزمان بە هاولاتی پلە دووەم دابەش کراون. ئەم ناسنامەی قەومیە تەوقیك بووە کە هیچ هاولاتیەك نەیتوانیوە خۆی لی رزگار بکات. دەستوری ئیستای عیراقو ئەم پرۆژەیەی ئیستاش بۆ کوردستان، دەیەوێ ئەم تەوقە لە دەستو پیی خەلك توند بکاتەوە.

## فیدرالیزم ئەلگۆیەکە بۆ هەلاواردنو دوبەرەکایەتی

دابرینو زەقکردنەوەی ناسنامەی قەومی بەسەر هاولاتیاندا، هیچ پەیوەندیەکی بە مسۆگەرکردنی هیچ مافیکی هاولاتیانەوە نیە، بەلکو پەیوەندی بە پێشیلکردنی مافەکانیانو سنورکیشان بە دەوریانەوە هەیە. لە کۆمەلگایەکدا کە هاولاتیان بەدەر لە ناسنامەی قەومیو دینیو رەگەزیو جنسی، وەکو هاولاتی پیناسەو مامەلە دەکرینو لەبەردەم یاسادا یەکسانن، ئیتر هیچ کەس بە هۆی زمانی قسەکردنیەوە دوچاری چەوسانەوە نابیت. بەلام بە پێچەوانە لەو کۆمەلگایەدا کە هاولاتیان بە ناسنامەی قەومیەوە پیناسە دەکرینو پاشان لەسەر بناغەی قەومی مافی هاولاتیان دیاری دەکریت، هەر جۆرە ئیدعایەك دەربارەی یەکسانی حقوقی هاولاتیان پوچە. هەر بەوجۆرەی کە ئیستا دەبینین بە هیچ پیوانەیەك ناکریت مافی "کوردو عەرەبو تورکمانو ئاسوریو...." بە یەکسان لە قەلەم بدریت. قەومیك لە دەولەتی مەرکەزی بەشی شیری هەیەو قەومیکی تر فیدرالیزمی پیدراوەو ئەوانی دیکەش وەکو قەوم لە قەلەمدراون بەلام تەنها کۆمەلیك مافی رۆشنبیریان بۆ دیاریکراوە. بەم

پیوانەیە هەر قەومیك بە ژمارە لەوانی تر زیاتر بیت، ئیمتیازیکی زۆرتری پی دەبریتو ئەفرادەکانیشی لە مافی بانتر بەهەرمەند دەبن، ئەوانی دیکەش بە پیچەوانەوە.

فیدرالیزمی قەومی، بنەماو سەرچاوەی کیشمەکیشی قەومیو کوشتاری نەبراوەیە. کاتیك لەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی هاولاتیان دەستەبەندی بکرینو لە بەرامبەر یەکتردا دابنرین، هەر کامیان ئەوی دیکە نەك هەر بە بیگانە بە خۆی، چاو لیدەکات، بەلکو وەکو نەیاری خۆی مامەلەی لەگەل دەکات. ئەو بۆچونو پیوانەیە دەدریتە دەست هاولاتیانەوە کە مافو دەسەلاتو داهاتو جیگاوریگا لە کۆمەلگادا، لەسەر بناغەی ململانی و رکابەری "قەومیەت"ەکان دیاری دەکریت. لەم حالەشدا جیگاوریگای هەر قەومیك لەسەر حسابی جیگاوریگای قەومەکانی تر دەبیت. بۆ نمونە دەوری زیاتر بۆ "عەرەب" لەسەر بناغەی کەمکردنەوەی دەوری "کورد"و بە پیچەوانەشەوە هەر وایە. بۆیە هەر کامیان دەبی بەردەوام لە بیری زالبون بەسەر ئەوی دیکەیاندابن. ئەمە بنەمای رەواج پەیداکردنی ناسیونالیزمو شەڕێکی نەبڕاوەیە کە هەمیشە مەترسی ئەوەی هەیە گلپە بسەنێو بە لیشاو هاولاتیان بکات بە قوربانی.

## فیدرالیزم تەرحیکی لەرزۆكو ناکامە

لایەنیکی دیکەی تەرحی فیدرالی ئەوەیە، کە لەسەرو هەموو ناوەرۆکیکی کۆنەپەرستانەو عەیبەکانیەوە، ناتوانی واقعیەتیکی پایەداربیت. فیدرالیزمی قەومی بە تایبەتی لە وەزعی ئیستای عیراقدا، تەرحو میحوەری شەرو نا ئارامیە، نەك ئاشتیو ئیستقرار. بەلام خۆیشی تەنها دەتوانی دیاردەیەکی بی سەقام بیت وەکو ئەنجامی بەلانصیکی کاتی لە کیشمەکیشی نیوان هیزە قەومیەکاندا، بە تیکچونی ئەو بەلانصە کاتیە ئەویش دەروخیتو دۆخەکە دەچیتەوە بۆ نوك. خودی وەزعی ئیستای عیراقو کوردستان ئەمەی نیشانداوە. بەلام بە جیا لەوەزعی سیاسی ئیستا، هەروەکو لە خودی ئەو بەندەی سەرەوەدا هاتووە دەلی "ئەمەش بەستراوە بە پابەندبون بە دەستوری فیدرالیو سیستەمی فیدرالیو پەرلەمانی و دیموکراتیو فرە لایەنیو ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. بە تاك و کۆمەلیەوە". ئەگەر هیچ جدیەتیك لەم رستەیەدا هەبوایە، ئەوە زۆر ئاسانە هەموو کەسیك بە رۆشنی ببینێ کە لە وەزعی ئیستادا هیچ یەکیك لەو مەرجانە لە عیراقدا دەستەبەر نیە کە خودی ئەم بەندە دەلی فیدرالیزمی پیوە بەستراوە. ئەحزابی ناسیونالست رۆژانە بیداد دەکەن لەسەر ئەوەی دەولەتی مەرکەزی پابەندی دەستورو بەلینەکانی خۆی نابیت، فرە میلیشاییو کوشتاری یەکتری جیگای فرەلایەنی گرتووەتەوە، مافی مرۆڤ بە تەواوی کراوە بە گالتەجارو هیچ مافیکی مرۆڤ نەماوە لە ژیر پی نەنرابیت. کۆمەلگای ئیستای عیراق بە تەواوی وەکو جەنگەلستانی لیهاتوەو کوتومت یاسای جەنگەلیش حوکمی تیادا دەکات. کە وایە هەر بەم پیوانەیە، فیدرالیزمی ئەم حیزبانە پوچو بێ ئەنجامو ئەلگۆیەکی شکست خواردووە.

## مافی جیابونەوە و مافی تەلاق، فیدرالیزم و دوو ژنە

لنین کاتی خۆی مافی جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی بە مافی تەلاق بۆ ژنان لیکچواندوە، وەکو دوو مافی لیکچوو کە ئینسان لە گیرۆدەیی بە پەیوەندیەکی نابەختەوەرو نەخوازراو سەرفراز دەکەن. بەم مانایە مافی جیابونەوە هەم مافە، هەم پیشکەوتوانەو مایەی سەرفرازیە. بەلام منصور حکمت فیدرالیزمی بە دوو ژنە لیکچواندوە، چونکە دروست بە پیچەوانەی مافی جیابونەوەوە، فیدرالیزم ماف نیە، هەر بە پیچەوانەی ئەوەوە کۆنەپەرستانەیە، لە جیاتی سەرفرازیش گیرۆدەکەرە. بەم پێیە بۆ نمونە خەلکی کوردستان دەتوانن‌و مافی خۆیانە داوای جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ بکەن، بەلام مافی ئەوەیان نیە کە داواو پیداگری لەسەر ئەوە بکەن کە حەتمەن خەلکی عیراق قبولی بکەن کە لە پەیوەندیەکی فیدرالیدا لەگەلیان پیکەوە بژین، ئەگەر جیابونەوەی خەلکی کوردستان وەکو مافی تەلاق بۆ ژنان مافیکی بی ئەملاو ئەولای خۆیان بیت، ئەوە فیدرالیزم خواستیکە لە بابەتی خواستی پیاویك بۆ هەبونی دوو ژن.

لە راستیدا مەسەلەی فیدرالی بوونی دەولەتیك، بەندە بە راو ویستی هەموو دانیشتوانی وولاتەوە نەك تەنها بە هاولاتیانی ناوچەی فیدرال. ئەوە هەموو خەلکی عیراقە کە دەبی بریار لەسەر ئەوە بدەن کە ئایا دەیانەوی وولاتەکەیان فیدرالی بیتو لە پەیوەندیەکی فیدرالیدابن لەگەل خەلکی کوردستان یان نا؟ چونکە لەم حالەتەدا سیستەمیکی دیکە بۆ هەموو وولات دیاری دەکریت نەك تەنها بۆ ناوچەی فیدرال. ئەمە بە پیچەوانەی جیابونەوەیە کە تەنها بەرای خودی خەلکی کوردستانەوە بەستراوەتەوە. خەلکی عیراق مافی ئەوەیان نیە ریگای جیابونەوە لە خەلکی کوردستان بگرن، بەلام مافی ئەوەیان هەیە کە سیستەمو پەیوەندی فیدرالی رەتبکەنەوە بۆ کۆمەلگاگەیان. بەلام بە گالتەجار کردنی ئەم مافەش لەلایەن ئەم هیزانەوە ئاسانە، هەرچۆن "پەلەمانی کوردستان" بوو بە وەکیلی خەلك بۆ بریاردان لەسەر فیدرالیزم بە نرخی مافی چارەی خۆ نوسین، هەرواش کۆمەلیك ئاخوندو سەرەك عەشیرەتو سەوداگەری سیاسی بوون بە "پەرلەمانی عیراق"و بە وەکالەتی خەلکی عیراق ئەم سەفەقەیەیان مۆرکرد.

بەلام ئەم مەسەلەیە کاتیك بە عەمەلی دەچیتە قالبی دەولەت‌و دەسەلاتیشەوە مانای خۆی هەیەو گیروگرفتیکی زۆر پەیدا دەکات. لەم رەشنوسی دەستوری هەریمەدا ناسیونالیزمی کورد خۆی بۆ خۆی دەسەلات‌و ئیمتیازات‌و دەوری ریساوە، بەلام لە واقعدا ئەگەر ئەوانە بە تەواوی لەلایەن دەسەلاتی مەرکەزیەوە رەزامەندی لەسەر نەدریت، دەچیتە بە ئاسماندا‌و هیچ بایەخیکی نامینیَ. تا ئیستاش بە دادو بیدادی رۆژانەی نوینەرانی رەسمی حکومەتی هەریمدا، ئەوە رۆشنە کە دەسەلاتی مەرکەزی پابەندی ئەو بەلین‌و تەوافقاتە نابیت کە گوایە لەسەری تەوافق کراوە، تەنانەت هەر شتیکی پیدابن باجەکەی لیوەرگرتوون. ئاشکراترین نمونەی ئەمرۆژیەکەی ئەوەیە کە ناچاری کردون هیزی پیشمەرگە بخەنە خزمەتیان بۆ شەری مەرامەکانی حکومەتی مالکی، تا لەبەرامبەر ئەوەدا لە داهاتی عیراق بەشیکیان پیبدەن. کەوایە ئیستا چ چاوەروانیەك دەکریت بۆ پابەندبوون بەو ئیمتیازو دەسەلاتانەی کە حکومەتی هەریم خۆی بۆ خۆی دەیریَسیت؟ ئەمە خۆی بنەمای شەرو کیشەیەکی نەبراوەیە کە گیان‌و مال‌و ئەمنیەتی خەلك تیایدا دەبیتە قوربانی.

## فەشەلی فیدرالیزم

بە جیا لەوانەی باسکران، ئەمرۆ فیدرالیزم بە عەمەلی وەکو بەدیلی ناسیونالیزمی کورد بۆ پەیوەندی نیوان هەریمی کوردستان‌و دەولەتی مەرکەزی عیراق، فەشەلی هیناوە. خودی سەرکردەکانی ناسیونالیزمی کورد رۆژانە دان بەم راستیەدا دەنین. ئەوەی ئیستا بە ناوی فیدرالیزمەوە رۆژی پی دەگوزەرینریت، لە واقعدا هودنەو مامەلەیەکە کە دەبی هەموو رۆژیك سەودای بۆ بکریت بۆ ئەوەی لەسەر سبەینیَکەی تەوافق بکریتەوە. رەوتی رووداوەکان‌و ئەو ئالوگۆرانەی کە هەر ئیستاش لە جەرەیاندان، ئاشکراتر لە هەموو بەلگە هینانەوەیەکی تەحلیلی شایەتی لەسەر ئەوە دەدەن کە ئەم فیدرالیزمەی ئەحزابی ناسیونالیست، وشکە کەلَەکیَك بوو و فەشەلی هینا. هیزە ئیسلامی‌و ناسیونالیستیە عەرەبەکان، کە لە ئەمری واقعی ئیستای عیراقدا، بە هەزار ئەماو ئەگەر گوایە فیدرالیزمیان قبول کردوە، جگە لەوەی هەر کامیان بەپیی مەبەست‌و مەرامی خۆی ئەم فیدرالیزمە بە جۆریك تەفسیر دەکات، لە هەمان کاتدا هەر رۆژیك کەش‌و هەوای ئەو رۆژە بواری دابیت، ئەوانیش دەریانبریوە کە ئەگەر بۆیان بکریت یەك رۆژ دەوامی عمری ئەم فیدرالیزمە نادەن.

مەسەلەیەکی گرنگتر کە ئیستا هاتوەتە گۆری‌و بوەتە جیگای مشت‌و مری زۆر، شکستی ستراتیژی سیاسی ئەمریکا لە عیراق‌و راپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆنە. ئەحزابی ناسیونالیست خەریکن بەوە دلی خۆیان دەدەنەوە کە جۆرج بوش لە "ستراتیژە نویکەیدا" پیشنیارەکانی ئەو راپۆرتەی فەرامۆش کردوە، بەلام لە راستیدا لەو شتەدا کە ناوی نراوە ستراتیژی تازەی ئەمریکا، بە کردەوە ئەو کۆلەکانەی فیدرالیزمی لەسەر بیناکراوە دەروخین. بەرجەستەترینیان ئالوگۆر پیکهینانە لە دەستوری عیراق، ئەویش ریك بە زیانی فیدرالیزم، خراوەتە بەر پرۆسەی ئالوگۆر.

فیدرالیزمی قەومی بەرهەمی خۆگریدانەوەی ئەحزابی ناسیونالیست بوو بەو ستراتیژەی ئەمریکاوە کە ئیستا شکستی هیناوە. هەر بەم پیَیەش فیدرالیزمەکەش رووبەرووی چارەنوسیکی نادیار بوەتەوەو بە مانایەك فەشەلی هیناوە. لەمەش واوەتر راپۆرتی بیکەر-هاملتۆن کە وەکو بنەمای ستراتیژی تازەی ئەمریکا لە عیراق تەرح کراوەو سایەشی بەسەر ستراتیژەکەی بۆشدا بە زەقی دەبینریت، بە شایەتی سەرۆکی حکومەتی هەریم، فیدرالیزمی پشت گویَ خستوە، هەر بۆیە لە ستراتیژەکەی جۆرج بۆشیشدا پشتگویَ خرا. بەلام پشتگویَ خستن نەك بە مانای لەبیرچون بەلکو بە مانای حساب بۆ نەکردن‌و لە جیاتی ئەمە جەخت لەسەر بەهیزکردنی دەسەلاتی مەرکەز کراوەتەوە. ئەمەش پیچەوانەی ئەو دەورو ئیمتیازاتەیە کە بە ناوی فیدرالیزمەوە بە ناسیونالیزمی کورد دراوە.

وەکو ووتمان‌و لە خودی ئەم رەشنوسەشدا هاتووە، کۆلەکەیەکی ئەصلی کە ئەم رەشنوسە پشتی پیبەستووە، "دەستوری عیراقی فیدرالە". بەلام هەر ئیستا ئەو دەستورە لە ژیر ئالوگۆردایە. هەموو نیشانەکانیش ئەوە دەنوینن کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەندانەی باسی ئالوگۆری تیا دەکریت، هەر ئەو بەندانەیە کە ناسیونالیستە کوردەکان وەکو پشتیوانەی فیدرالیزم‌و دەسکەوتە گەورەکانی خۆیان چاویان لیکردوە. ئەمەش خۆی بەلگەیەکە هەم شایەتی لەسەر بیَمایە بوونی فیدرالیزم دەدات‌و هەم لەسەر ئەو حوکمە دروستەی ئیمە لەبەشی یەکەمی ئەم نوسراوەیەدا باسمان کردو ووتمان دارشتن‌و پەسەندکردنی دەستور کیشەو مەسەلەی ئیستای کۆمەلگا نیەو بۆ گۆرین‌و لابردنی زەینی خەلك لەسەر مەسەلەو کیشە ئەصلیەکانی کۆمەلگاو داسەپاندنی دەسەلاتی هیزە قەومی‌و دینیەکان ئەم سیناریۆیانە دەهیننە گۆریَ. ئەوەتا شنەبای هەلومەرج بە سوکە پالیك 4-5 مانگ مەسەلەی دەستوری هەریمی فریدایە دواوەو بەبی ئەوەی کەس هەست بە فەراغەکەی بکات، "دەستوری عیراقی فیدرال" یەك سال بەسەر "پەسەندکردنیدا" تینەپەریوەو لە واقعدا هیشتا ژیانی بەکردەوەی دەستی پیَنەکردوە، خەریکن "چاکی" دەکەن بۆ ئەوەی خراپتر بیت.

بە کورتی فیدرالیزم وەکو کۆلەکەیەکی ئەم پرۆژەیە، لەرووی ناوەرۆکەوە کۆنەپەرستانەیەو پیچەوانەی ئاوات‌و ئارەزوە پیشکەتوانەو ئازایخوازانەکانی خەلکی کوردستانە. شیوەی بریار لەسەردانی لەسەر بناغەی پیشیلکردنی ماف‌و دەوری خەلك بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان چوەتە پیشەوە. لە زۆر رووەوە مایەی دەردەسەری‌و نا ئارامی‌و کارەساتە بۆ خەلکی کوردستان‌و عیراقیش. سەرئەنجامیش تەرحیکی ناواقعی‌و بی سەمەرو شکستخواردوە.

دریژەی هەیە